# ئايا ململانێ و ناکۆکی تورکیا و پەکەکە
# گەمەیەکی سفرییە، یان ناسفری؟

سەمەد ئەحمەد

مەبەستمان لەگەمەی سفری و ناسفری ئەوەیە کە بەپێی میتۆدی لێکدانەوەی گەمەی نێودەوڵەتی، دووجۆر لە گەمە لەنێوان دوولایەنی ناکۆك و دژ بەیەکدا هەیە.

یەکەم :گەمەی سفری ئەو جۆرە یارییەیە کە رێژەی ئەو قازانجەی لایەنێك بەدەستی دەهێنێت یەکسانە بەهەمان رێژە لەزیانی بەرامبەر واتا ئەم یارییە سروشتێکی ململانێیانەی هەیە و زۆرجار لەنێوان دوولایەندا دەبێت، هەروەها بواری دانوستان و رێککەوتن لەسەر چارەسەری مامناوەند لەم گەمەیەدا نییە.

کەدەگوترێت یارییەکە سفرییە، مەرج نییە یەکێك لە دوولایەنی ململانێکە تەواو لەناوبچن، بەڵام مەرجە ئەو بابەتەی ململانێی لەسەر دەکەن، یەکلا بکرێتەوە بۆ یەکێکیان نموونەی ئەم جۆرە یارییە لەبواری پەیوەندییە نێو دەوڵەتیەکاندا، وەك جەنگی جیهانی دووەم، جەنگی ئەمریکا دژی رێکخراوی قاعیدەو رژێمی سەدام حسێن.

دووەم" گەمەی ناسفری ئەم جۆرە یارییە بوارێك بۆ دانووستان و رێککەوتن دەهێڵێتەوە، بۆیە دەگونجێت هەموو لایەنەکان بەرێژەی گونجاو و جیاواز زیان و قازانج بکەن.

ئێستا با لەسەر رۆشنایی ئەم میتۆدە بپرسین، ئایا ململانێی و ناکۆکی رژێمی تورکیاو پەکەکە وەك گەمەیەکی سیاسی و عەسکەری، گەمەیەکی سفرییە، یان ناسفری؟ ئێمە وایدەبینین کەسەبارەت بە تورکیا ئەم گەمەیە سفرییە، واتا تورکیا لەلای خۆیەوە بڕیاری داوە کە لەشەڕی دژ بە پەکەکەدا خۆی سەد لەسەد قازانج بکات و پەکەکەش سەد لەسەد زیانی بەربکەوێت.

جگە لەمە، دەسەڵاتداران و دەستڕۆیشتوانی رژێمی تورکیا زیاتر لەجارێك لەئێستاو لەرابردوودا چارەسەری مامناوەندییان رەتکردووەتەوە بەهیچ شێوەیەك سازشی لەسەر ناکەن.

(درەنگ، یان زوو هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری عیراق دەستپێدەکات) ئەمە وتەی سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا بوو کەلەچەند رۆژی رابردوودا وتی و لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە.

جگە لەسەرۆکی پەرلەمان، هەریەك لەسەرۆکی حکومەت و سەرۆکی تورکیا، هەروەها جەنەراڵە سەربازییەکانیش تەئکید لەوە دەکەنەوە کەهێرشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەردەبێت دەستپێبکات بیانووی ئەم سووربوونەی بەرپرسان و دەستڕۆیشتوانی تورکیا بۆ لەشکرکێشی بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دەرپەڕاندنی گەریلاکانی پەکەکەیە کەلە چیا سەختەکانی قەندیل جێگیربوونەو دواجاریش لەناوبردنی یەکجارەکییانە.

بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کە ئەم گەمەیە سەبارەت بە تورکیا گەمەیەکی سفرییە ئەوەیە کە تورکیا باش دەزانێت کە پەکەکەی بۆ لەناوچێت، بەڵام هەر سورە لەسەر شەڕکردن بەهیوای ئەوەی کە لەم شەڕەدا دەستکەوتێك بەدەستبهێنێت و لەبەرامبەردا پەکەکە زیانی بەربکەوێت.

ئێمە باش دەزانین کەئەم خۆزگەو کردەیەی تورکیا ناعەقڵانییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم وتارەی ئێمە تایبەت نییە بەم مەسەلەیە، بۆیە قسەی لەسەر ناکەین.

وەك دەبینین تورکیا لەململانێ و ناکۆکی خۆی و پەکەکەدا هیچ بوارێکی بۆ گفتوگۆو دانوستان نەهێشتووەتەوە، بەرپرسانی تورکیا بەئاشکراو زیاتر لەجارێك ئەوەیان راگەیاندووە کەئامادەنین لەگەڵ لێپرسراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سەبارەت بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی پەکەکەو کوردی باکور گفتوگۆ بکەن.

بەڵام ئەم ململانێیە سەبارەت بە پەکەکە دەتوانین بڵێین" گەمەیەکی ناسفرییە، چونکە پەکەکە لەخەباتی سیاسی و عەسکەری و دیبلۆماسی و راگەیاندنی خۆیدا هیچ کاتێك (لەئێستا و لەرابردوودا) هەوڵی نەداوەو بانگەشەی نەکردووە بۆ رووخان و لەناوبردنی دەوڵەت و دەسەڵات و حکومەتی تورکیا، بەڵکو لەبری ئەمە خەبات و بانگەشەی بۆ ئەوە کردووە کە کێشەی کورد لەباکووری کوردستان بەشێوەی ئاشتی و دیموکراتیانە چارەسەر بکرێت.

لێرەوەیە کە دەبینین پەکەکە بواری بۆ گفتوگۆو چارەسەری مامناوەند هێشتووەتەوە، کەئەمە یەکێکە لەپایە و خەسڵەتە دیارەکانی گەمەی

ناسفری لەململانێ و ناکۆی سیاسی و عەسکەریدا.
بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کەئەم گەمەیە سەبارەت بە پەکەکە گەمەیەکی ناسفرییە ئەوەیە کە زیاتر لەجارێك پەکەکە بۆ کەمکردنەوەی تەنگژەی سیاسی و دورخستنەوەی ئاگری شەڕو لەشکرکێشی نوێ ( کەتورکیا سازو ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی)، یەك لایەنە شەڕی راگرتووە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە پەکەکە بڕوای بەچارەسەری ئاشتیانە هەیە و ئامادەیە گوێ لەهەموو کەسێك بگرێت، بەتورکیاشەوە بەو مەرجەی تورکیا ئامادەبێت بۆ گفتوگۆ دانیشتن و دانوستان، بەڵام هەموو جارێك و هەمیشە تورکیا ئەم نەرمییەی پەکەکەی ئیسغلال کردووەو نەك هەر گوێی لەبانگەوازی ئاشتی پەکەکەو حکومەتی هەرێم نەگرتووە، بەڵکو سەرکێشی کردووەو نەیهێشتووە ئاگربەستی یەك لایەنەی پەکەکە درێژە بکێشێت و بەشێوەی جیاجیا هێرشی سەربازی کردووتەسەر بنکەو بارەگاکانی پەکەکە، وا ئێستاش تورکیا ئامادەی لەشکرکێشی گەورەترە بۆ سەرخاکی هەرێمی کوردستان. ئێستا باپرسین ئەنجامی ململانێ و ناکۆکی تورکیاو پەکەکە بەکوێ دەگات؟
لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا و سەبارەت بە تورکیا دەتوانین بڵێین لەبەرئەوەی گەمەکە لەلای تورکیا سفرییە و جگە لەشەڕ هیچ رێگەچارەیەکی ئاشتیانەی نییەو بواری مامناوەندی نەهێشتووەتەوە بۆ شەڕیش تورکیا تەواو لەئامادەباشیدایەو هێزێکی زۆری لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان جێگیرکردووە، بۆیە ئەگەری هێرشکردن بۆ هەرێمی کوردستان نزیکە، هەتا ئێستاکەش کەهێرشی نەکردووە، لەژێر زەختی ئەمریکادا بووە.
سەبارەت بە پەکەکەش دەکرێ بڵێین لەبەر ئەوەی گەمەکە لەلای پەکەکە ناسفرییە و بڕوای بەچارەسەری مامناوەند هەیە و ئامادەی ئاگربەستەو زیاتر لەجارێکیش بەکردەوە ئەوەی ئەنجامداوە، لەسەنگەری بەرگریدا دەبێت هەتا ئەو کاتەی دەستی شەڕەنگێزانەی تورکیا دەگاتە یەخەی، بەڵام لەدوای ئەمە بەرگریی لەخۆی دەکات.
لەپەراوێزی ئەم چەند دێڕەدا رەوایە پرسیارێك لە دەسەڵاتدارانی تورکیا بکەین و بڵێین" ئایا هەمیشە شەڕخواز لەشەڕدا براوەبووە ئاشتیخوازیش دۆڕاو واهێندە دەسەڵاتداران و دەستڕۆیشتوانی تورکیا پێداگیری لەسەر شەڕو لەشکرکێشی دەکەن؟ پیاوانی عەقڵ لێمتێدەگەن چی دەڵێم...